# بۆ شاعیر ئەنوەر مەسیفی ...

**بەهۆی کۆچی دوایی هاوسەرەکەت و**
**هەردوو کۆرپەکەت{کچ و کوڕ}ە کەت... بەشداری خەم وپەژارەتم...**
**هیوادارم تۆش چاک ببیتەوە و تەندروست بیت....**

## بەرد

مردن لەگەڵ
یەکەم هەنگاوی
پەیدابوونی تۆدا،
لە دایک دەبێ
شەوانە ، بە نهێنی
لە گەردەنی باریکتدا دەهاڵێ .
رۆژانە بە جۆرێکی ئاشنا
خۆی نیشان دەدا.
مردن لە ژانی مێشکتدا
سەرچۆپی رەشبەڵەکی
تێکچونت ، دادەبەستێ
زەردەخەنە لە سەر لێوەکانت
ووشکدەکا .
ئارام لە دەرونت
سەرگەردانندەکا .
وەکو سێبەری بەرپێت
بە دواتەوەیە
مردن .

## # ##

## خەون

بەسەر تیشکی رۆژدا تێپەڕبوویت
کەچی بۆنی رۆژت هەڵنەگرتووە
لە ژێر گەڵای پایزدا
خەونت بینی
کەچی رەنگت زەرد نەبووە

له ناو شەپۆلی دەریا دا
مەلەوانیت دەکرد
کەچی ئەسپی ئاوت زین نەکردووە
دەتەوێ ببی بە چی
خەون و بەس
تەنها خەون .

**فـــەهـــد گـــردەوانـــی** 2005/9/25 **ستۆکهۆڵم ـ سوید**

.

.

.